Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

# هەندێک گۆڕانکاری لە یارمەتییەکان بۆ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە لە ۲۰۲٤/۱/۱ بەدواوە

پەیڕەوی نوێی وەزارەتی ناوخۆ سەبارەت بە یارمەتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە گۆڕانکاری لە بڕی یارمەتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە دەکات. پەیڕەوەکە لە ۲۰۲٤/۱/۱ هەتا ۲۰۲٥/۱۲/۳۱ کاری پێدەکرێت.

ئەگەر داوای مافی پەنابەریت کردووە و بڕیاری نەرێنیت وەرگرتووە یان داواکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی کشاندووەتەوە، دەتوانیت یارمەتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە وەربگریت.

بە پشتبەستن بە پێڕەوە نوێیەکە، بڕی یارمەتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بەندە بەوەوە کە کەسەکە لە کام قۆناغی پرۆسەکەدا داوای یارمەتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە پێشکەش دەکات. یارمەتییەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لە شێوازی یارمەتی سوودمەندبوون دەدرێت.

## یارمەتییەکان بۆ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە لە ۲۰۲٤/۳/۱ بەدواوە

بڕی یارمەتیی، ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتێک کە هاوڵاتیەکانی پێویستیان بە ڤیزە هەیە بۆ هاتنیان بۆ فینلەندا:

- ئەگەر لە ماوەی ۳۰ ڕۆژدا لە دوای ئاگادارکردنەوەت لە یەکەم بڕیاری نەرێنی پەنابەری یان کشاندنەوەی یەکەم داوای پەنابەری داوای یارمەتی گەڕانەوە بکەیت: ٥۳۰۰ یۆرۆ
- ئەگەر زیاتر لە ۳۰ ڕۆژ دوای ئاگادارکردنەوەت لە یەکەم بڕیاری نەرێنی پەنابەری یان کشاندنەوەی داواکە داوای یارمەتی گەڕانەوە بکەیت: ۲۰۰۰ یۆرۆ
- ئەگەر زیاتر لە جارێک داوای مافی پەنابەریت کردبێت: ۲۰۰۰ یۆرۆ

ئەگەری یارمەتیەکی زیاتر یەکجارەیە.

## یارمەتی بۆ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە ئەگەر لەم کاتەدا ۱ یان زیاتر بڕیاری نەرێنی پەنابەریت هەیە

ئەگەر لەم کاتەدا ۱ یان زیاتر بڕیاری نەرێنی پەنابەریت هەیە و دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت:

- ئەگەر لە نێوان ۲۰۲٤/۱/۱ – ۲۰۲٤/۲/۲۸ داوای یارمەتی گەڕانەوە بکەیت، ئەوا یارمەتی ٥۳۰۰ یۆرۆ وەردەگریت. هەروەها هاوسەرەکەت و منداڵەکانت کە لەگەڵت دەگەڕێنەوە هەریەکەیان ٥۳۰۰ یۆرۆ وەردەگرن.
- ئەگەر لە ۲۰۲٤/۳/۱ یان دوای ئەوە داوای یارمەتی گەڕانەوە بکەیت و زیاتر لە ۳۰ ڕۆژ بەسەر ئاگادارکردنەوەی یەکەم بڕیاری پەنابەریتدا تێپەڕی، ئەوا یارمەتی ۲۰۰۰ یۆرۆ وەردەگریت.

## گۆڕانکارییەکانی دیکە لە یارمەتییەکان بۆ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە لە ۲۰۲٤/۱/۱ بەدواوە

- ئەگەر تۆ هاوڵاتی وڵاتێک بیت کە پێویستت بە ڤیزە نییە بۆ فینلەندا، ئەوا یارمەتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەت پێنادرێت. بەڵام دەتوانرێت خەرجییەکانی گەشتەکەت بۆ وڵاتەکەت قەرەبوو بکرێتەوە.
- ئەگەر قوربانیی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بیت، ئەوا بڕی ۳۰۰۰ یۆرۆ یارمەتیت پێدەدرێت.
- ئەگەر لە پێگەیەکی لاوازدایت یان پێویستییەکی تایبەتت هەیە، دەتوانرێت سەرباری یارمەتییە ئاساییەکان یارمەتییەکی ئیختیاریشت پێ بدرێت بە بڕی ۱۰۰۰ یۆرۆ . هەروەها دەتوانیت یارمەتییەکی ئیختیاری بۆ وڵاتانی بێ ڤیزە وەربگریت.

## بەم شێوەیە زانیاری زیاترت دەست دەکەوێت سەبارەت بە گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە

ئەگەر لە سەنتەری پێشوازیدایت و دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت، پەیوەندی بە کارمەندێکی سەنتەری پێشوازییەوە بکە.

ئەگەر لە سەنتەری پێشوازی نیت و دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت، پەیوەندی بە فەرمانگەی کۆچەوە بکە:

- ژمارە تەلەفۆن ٠٥٠٤١٣٨٦٢٥ (هەروەها WhatsApp ).
- دەتوانرێت ئیمەیڵ لە ڕێگەی خزمەتی Securemail ی فەرمانگەی کۆچەوە (securemail.migri.fi) بنێردرێت بۆ ناونیشانی return@migri.fi، بۆ ئەوەی نامەکە بە شێوەیەکی متمانەپێکراو بگاتە شوێنی مەبەست.

دەتوانیت لە فەرمانگەی کۆچدا بە زمانەکانی فینلەندی، سویدی، ئینگلیزی یان عەرەبی ئامۆژگاری وەربگریت.

## زیاتر بخوێنەوە:

- زانیاریی وەزارەتی ناوخۆ: Uusi asetus vapaaehtoisen paluun avustuksesta tulee voimaan vuoden 2024 alussa (intermin.fi)
- Vapaaehtoinen paluu (migri.fi/paluu)